**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين**

## فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

## INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

---

# دەنگی نارەزایەتی رێكخراوەی پەنابەری و ئینسان دۆستان
# شەقامەكانی لەندەن وهۆدەرسفیلّدی خرۆشان
# نـــا بۆ سنور ، گێرانەوەی پەنابەران راگرن!

رۆژی شەمە 7–10–2006 مارشێكی گەورەی نارەزایەتی لە لەندەن بۆ بەرگری لەمافەكانی كریكارانی كۆچبەرو پەنابەران لەلایەن دەیان رێكخراوی پەنابەری وئینسانی و یەكیتی كریكاریەكانی بەریتانیا بەریّ خرا .

ئەم خۆپشاندانە لەلایە گروپی مایگرانت و بە پشتیوانی چەند رێكخراوی پەنابەری عیراقی وئیرانی وئەمریكای لاتین و..یەكیتی كریكاری بەریتانیا بەرێوەبرا ، بەرەسمیت ناسینی ماڤ یەكسان بۆ هەموو پەنابەران و كۆچبەرێك ، داوای داخستنی بنكەی دەست بەسەركردنی پەنابەران  لە تەواوی وولاتانی ئەوروپاو شیۆنەكانی تری دنیا،راگرتنی سیاسەتی بەزۆری ناردنەوەی پەنابەران،ئاسایشو داوەری كۆمەلایەتی بۆ هەموو لایەك بیّ جیاوازی گرنگترین داواكاریەكانی ئەم مارشە نارەزایەتی بوو.

خۆپشاندەران بەدرۆشمی (هیچ كەس نایاسای نی یە،نا بۆ سنور ،نا بۆ نەتەوە ،نا بۆ گیرانەوەی پەنابەران ..سنورەكان بكەنەوە..عیراق نائەمنە نا بۆ گیرانەوەی پەنابەرانی كورد..بەلّی بۆ مافەكانی كریكارانی كۆچبەر..نا بۆ راسیزم ..بنكەی دەست بەسەركردنی پەنابەران دابخەن لە سەر پلاكارت ولافیتە بەدەستی خۆپشاندەرانەوە بەرز كرا بووە .

لەنیو ئەم مارشەدا چەند گروپی موسیقی گورانی و نمایشی پشتیوانیان لە پەنابەران و كریكارانی كۆچبەر بەسرود و گورانی دەووتەوە سرنجی رێبوارانی رادەكیشا  و پەنجەی پشتیوانی بۆ بەرز دەكرایەوە.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وەك بەشێك لە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق یەكیك بوو لە بەشداربوان  ،مارشەكە بە بەردەم بنكەیەكی وەزارەتی ناوخۆ كە پەنابەران ئیمزای هەفتانەی لیّ دەكەن بەرێكەوت و لەیەكێك لە پاركەكانی لەندەن گیرسایەوە ،پاشان ووتاربیژان كەوتنە قسەو باس كردن لەسەر بارودۆخی پەنابەران و كریكارانی كۆچبەر ،لەم نیوەدا دەشتی جەمال بە نۆینەرایەتی بەرەی دژی گیرانەوەی پەنابەران بۆ عیراق لەسەر بارودۆخی سیاسی عیراق و كوردستان  و ئەو زەخت زۆرەی رووبەرووی خەلّكی پەنابەری كوردستان بۆتەوە و هەروەها كیشەی پەنابەری لەدنیا بەكورتی قسەو باسی كرد ، لەسەر پێویستی بیناكردنی بەرەیەكی ئازادی خوازی و ئینسان دۆستی لەسەرتاسەری ئەوروپا  لەپێناو مافەجیهانداگرە ئینسانی یەكانی دژ بە هەردوو بەرەی تیرۆریستی دەولەتی و نیو دەولەتی كە هیچ ئەمنیتكیان بۆ بەشەریت نەهیشتۆتەوە پیداگری كرد.. لەگەل پشتیوانی بەشدار بوان روو بەروو بۆوە.

نیوەرۆی هەمان رۆژ لەشاری هۆدەرسفیلّد فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وكۆمەلّەی رۆشنبیری كوردی لەو شارە رێپێوانیكی نارەزایەتیان بەرو سەنتەری شار بەریّ خست لەلایەن رێكخراوی سەرتاسەری ئیرانی و گروپی رزگاری كریكاران پشتیوانی كرا ، خۆپیشادەران لافیتەو و پلاكارتی نوسراو بە(  نا بۆ گیرانەوەی پەنابەران بۆ كوردستان ،گیرانەوەی پەنابەرانی كورد رابگرن..ماڤ پەنابەری ماڤ ئینسانە ..شەر لەبەرامبەر پەنابەرانی عیراقی رابگرن..هەلّگرتبوو.

بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراق لە مانچستر بەنۆینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری چەندین جار ووتاری بەزمانی ئینگلیزی وكوردی لەسەر بارودۆخی سیاسی و نائەمنی عیراق وكوردستان باس لیّ دەكرد وهەروەها ئاماژەی دا بە سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەرانی كورد و پێشیلكاریەكان بەرانبەر بە پەنابەرانی كورد ..ئاماژەی دەدا بە چوونیتی پشتیوانی كردن لەكەمپینی بەرەی دژی گیرانەوەی پەنابەران بۆ عیراق و فیدراسیۆن دژ بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد ، داواكاری ماڤ پەنابەری و بەدەستهینانی ماڤ نیشتەجیّ بوون بۆ پەنابەران.

شایەنی باسە لەم ریپییۆانە نارەزایەتیانە بەدەیان بەیان وراگەیاندنی بەرەی دژ گیرانەوەی پەنابەران و هەروەها  ئیمزای نارەزایەتی دژ بەگیرانەوەی  پەنابەرانی كورد وداواكاری بەرەسمیت ناسینی ماڤ پەنابەری و نیشتەجی بوون  بە پەنابەرانی كورد و عیراقی كۆكرایەوە .

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیّراقی**

2006-10-9

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.** www.csdiraq.com **Mobile: 07856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk **mobile**: 07877489626 **or** 07866757213 **Office**: 0161 234 2784